# عومدەکەی ئەوروپا و بەرپرسانی ئێمە

محەمەد عەبدوڵڵا کەلاری

لە گوندێکی بچوکی ئەورووپای پان و بەریندا، عومدەی گوندەکە ویستی چەند ئوتۆمبێلێکی ئەمبولانس بکڕێ، لێکیدایەوە بودجەی گوندەکەی نرخی کڕینی ئەو ئۆتۆمبیلانە دەرناهێنێ، بۆیە لە ڕۆژنامەو رادیۆو تەلەفزیۆنی گوندەکە ئاگادارییەکی بلاّوکردەوە، بەوەی عومدە دانیشتوانی گوند بانگهێشت دەکات بۆ گۆڕەپانی گشتیی و لەوێ خۆی نمایش دەکات و هەر کەسێك ئارەزووی لێبێ دەتوانێ لێی بدەن و بە تۆپبارانکردنی داخی دڵی خۆیانی پێ بڕێژن، بەلاّم بە تۆپی لاستیکی، هەر لەو ئاگادارینامەیەدا مەبەستی ئەم هەنگاوە روونکرایەوە. ئەوەبوو لە کات و شوێنی دیاریکراودا جەماوەرێکی زۆر ئامادەبوو، عومدەش لەوێ تۆڕێکی ئاسنینیان کردە سەری و قایشێکی بەرینیان بەناوقەدی بەست بۆ پاراستنی ناوچە هەستیارەکانی لەشی، ئینجا تۆپی لاستیکیان نمایشکرد بۆ ئامادەبوان کە نرخی هەر یەکێکیان نیو یۆرۆ بوو، ئەوە بوو هەموان پەلاماریاندا بۆ کڕینی، هەندێ بەمەبەستی بەشداریکردن لەو کارە خێرخوازییەدا کە کڕینی ئۆتۆمبێلی ئەمبولاّنسە، هەندێکیشیان بۆ بەتاڵکردنەوەی توڕەیی و بێزارییان لە عومدە بوو، ئیتر تۆپباران هەموو شوێنێکی جەستەی عومدەی داماوی گرتەوە، ئەویش خۆڕاگرانە وەستابوو، تەنانەت هانی دەدان و داوای لێدەکردن بەردەوامبن، زیاتر لە کاتژمێرێك ئەمە بەردەوام بوو، دەرەنجام داهاتی زیاتر لە سێ ئۆتۆمبێلی ئەمبولاّنس کۆکرایەوە، بەمەش هەموان لەخۆشییاندا دەستیانکرد بە پێکەنین بەوانەشەوە کە توڕە ببون.

خۆزگە لە ولاّتی ئێمەشدا ئەو جۆرە سیناریۆ بە تاموچێژە لە هەندێ گوندو شارۆچکەکاندا جێبەجێ دەکراو بەرپرسان لاسایی ئەو عومدەیە بکەنەوە بۆئەوەی بڕە پارەیەك دەستبکەوێ بۆ دابینکردنی خزمەتگوزاریی خەڵك، چونکە راستە حکومەتەکەمان دەوڵەمەندە، بەلاّم کەمتەرخەمی فەرخە مەسئولەکانمان وایکردووە لە زۆر گوندو شارەدێ و تەنانەت قەزای ئەم کوردستانەدا هێشتا هاولاّتیان لە سادەترین پێداویستیەکانی ژیان بێبەشبن، ئایا هیچ بەرپرسێك ئامادەیە شتی وا بکات؟ پاشان ئەو خەڵکەی ئامادە دەبن دەبێ ژمارەیان چەند بێ و، چەندیان بە راستی خۆبەخشانە دێن بۆ سەرخستنی مەبەستەکە و، چەندیان ناخیان تژی و تووڕەیە لە گەندڵکاریی کە گەیشتۆتە سەر ئێسقان؟ ئاخۆ تۆپی لاستیکی تینوێتی خەڵکەکە دەشکێنێ، یان پەنا وەبەر تۆپی ئاسن یان بەرد بەرن، بۆئەوەی داخی گرانیی سووتەمەنی و کالاّ، خەمی کەمیی مووچەو گرانی کرێ، نەبوونی پارك و خراپی خزمەتگوزاریی نەخۆشخانەکان، رۆتینیاتی فەرمانگەکان و بزربوونی نوسراوەکان، بەو بەرپرسانە هەڵبڕێژن؟